# نو

## کۆنترین شێوازی شانۆی ژاپۆنیەکان

هیوا خطاط

دیارە لەلێکدان و کۆکردنەوەی هەندێك لەنمایشە کورتە ئایینیەکان کە لەپەرستگەومەزارەکان ئەکرا، دروستبوو. رەخنەگرانی شانۆی ئاسیا ئەڵێن، ئەم نمایشە بەدەر لەدەربڕینێك کە لەناو سروتە ئایینیەکان دەردەکەوت، کۆڵخۆزێکی جوتیارانەش بوو، کە لەوەرزی بەروبووم و دروێنەدا دنیایەکی سەرسوڕهێنەری ئەخرۆشاند. لەیەکێك لەم نمایشەنەداو لەسەدەی چواردەهەم باك و کوڕ (Mi Keu Tsuju) و (Zemi Mto Kue) سیمای ئەم نمایشەیان گۆڕی بۆ جوانترین شێوازی درامی جیهان کە هەردەم بینەرانی ئەم شانۆیە چێژی لێ وەرئەگرن.

مەودا فکریەکەی ئەم تەرزەی درامای (نو) زۆرن، دیارترینیان دنیای مردن و رۆح. ئەم وێنانەیە کە لەمدیو خەیاڵی رۆمانتیکی و ژیانی ریالیستە.

بێگومان ئەمە بەپێی ئەوەی (نو) زادەی ژیانی رۆمی و دیوە نادیارەکانی سروشتی ئایینی بودا یان ئایینە کۆنەکانی ترە.

(Nu) خەیاڵ و جوڵە پێ راناگا ئەگەر مۆزیك و گۆرانی و ریتمە سەیرو سەمەرەکان کە لەدرامسدا هەیە هاوتای نەبێ. ئەمانە خەسڵەتی هێڵی درامی لەشانۆی ئاسایی جودا ئەکاتەوە. ئەمە وەك پێکهاتەی هەست و جۆش و خرۆشان. بەلام لەرووکاری مەودای کۆمەڵایەتیەوە دیاردەکە زۆر ناترادیشن و وردترە بەوەی، ئەکتەری سەرەکی هەیە، رەنگە ئەوان پێی بڵێن، سەرۆك ئەکتەر، و ئەبێ جلوبەرگێکی رەنگاورەنگی زەقی لەبەردا بێت کە لەئاوریشمی نەخشێنراو دووراوە. ماسی تەختە بەجۆرەها قەبارەو شێوە توخمی پێویستی شانۆی (Nu) ە، کە گوزارشتی لەکارو کاراکتەرو تەمەن و رەگەز پێ ئەکرێ. دیارە ئاشکرایە کە لەشانۆی (Nu) دا ئەکتەر تەنها رەگەزی نێرە.

تێکستی شانۆی (Nu) هۆشمەندیی ئەکتەری ئەوێت، زۆر زیاتر لەتێکستی شانۆی دنیا. بۆ ئەوەی رۆڵەکەی بەباشی جێبەجێ بکات، چونکە لەیەك کاتدا جوڵەی ئاسایی و سەماو گۆرانی و ئینجا دایەلۆگەکانی ئەڵێت: ئەمە نەك هەر ئەکتەری سەرەکی بەڵکو گەلێك لەئەکتەرەکانی تریش بەهەمان شێوە.

چونکە لایان وایە دەربڕین و گوزارشت لەمادە ئەفسانییەکانیش ۆ خۆیان ئامانجی دراماکەن بەشێوازی شانۆی (Nu). لەلایەکی ترەوە شانۆی (Nu) نزیکە لەشێوازی شانۆی شیعری واتا (Opera)، چونکە تێکستەکانی هەندێکیان شیعرین، بۆیە ئەم بەها گەورەیەی کە لەدیدی بینەرە ژاپۆنی و ئاسیایی و ئەوروپیەکانیشەوە هەیەتی، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر ئەبێت. و لەگەڵ پێشکەوتنی ئاستی تەکنەلۆژی بۆ دروستکردنی کەرەسەکانی شانۆو ئێکسسوارو روناکی و ئەوانی تر، دەربرینەکانی ئاسانتر ئەبن. ژاپۆنیەکان شانۆی (Nu) ش وەك شانۆی (Kapuki) بە بنەمای درامای خۆیان ئەزانن، لەرێیەوە کەڵچەری قوڵ و دێرینەکەی خۆیان پێ پاراستووە، زمانە کۆنەکەیان وەك خۆی پێ هێشتۆتەوە، پاشان وەك رووکاری ئایینی مەیل تازەکردنەوەیە. لەهەمان کاتدا شانۆی دەربرینە لەسیمبولەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ژاپۆنیەکان، ئەمەش بۆخۆی واتای رابەرێتی چ سیمای ئایینی و چ سیمای کۆمەڵایەتی ئەگەیەنێ. وەك رابەرە ئایینیەکان لەدنیادا کە بە تەریقەتەکان





ناوبراوە. (یولیوس گرانت)ی ناودار، لەگەشتەکەی بەدەوری دنیادا کاتێ لەساڵی ١٨٧٩دا لەژاپۆن لەنگەر ئەگرێ و کارێکی (Nu) ئەبینێ و بەتوانای بێ ئەندازەی هۆشۆکۆرۆ سەرسام ئەبێ، ئەڵێ: کاری جوان و سەیروسەمەرەم دیوە لەگەشتەکانمدا، بەڵام شانۆی (Nu) لەودیو توانا گەورەکانەوەیە، بۆیە ئەڵێ: پێویستە زۆر چاوتان لەم تەرزە نمایشە هونەریە مەزنە بێت.

هونەرمەندانی درامای ژاپۆنی لەبەربوونی گەلێ تەرزی جۆراوجۆری هونەرەکەیان وەك (Kabuki) و (Kugin) و شانۆی (Bonrako) و شانۆی جیهانی و قوتابخانەکانی شورایەکی هونەری توندوتۆڵیان بەدەوری شانۆی (Nu) دا کردووە بۆ تێکەڵاونەبوونی بە دەربڕینەکانی تر و پاراستنی لەوەی ئەگەرچی وتمان (Nu) زۆر لەئۆپێرا ئەچێت. ئەیانەوێ بەهەر جۆرێك بێت ئۆپێرا لە (Nu) دووربخەنەوەو مۆرکە سەرەکیەکاەی بپارێزن.

ئەم رێنماییە ئاڕاستەی هونەرمەندانی شانۆو زانکۆو پەیمانگە هونەریەکانی تایبەت بەدرامای شانۆ ئەکرێت، زیاتر سڵ لەچوونە دەرەوەی تیپە شانۆییە ژاپۆنیەکان ئەکەنەوە، کاتێ بۆ نمایش یان بەشداریکردنی فێستڤاڵە جیهانیەکان ئەچنە دەرەوە، چونکە لەکاتی بینینی ئۆپێراکان، دەرهێنەرو ئەکتەران لەم لێکچوونەی شانۆی (Nu) بەشانۆی شیعری واتە (Opera) بنەماکانی شانۆی (Nu) لەدەست ئەدەن.